# قوربانیانی هەراسانکردن ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی نەوەی ئەلفا لە قوتابخانە نێودەوڵەتی-ناحکومیەکانی شاری هەولێر

## (پۆلی حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم بە نمونە)

**گۆران حسن حسین، زیوەر زرار رسول**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب. زانکۆی سەڵاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی (Cyberbullying) بە واتای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا دێت بەمەبەستی گێچەڵیکردن، هەڕەشەکردن، شەرمەزارکردن، یان بە ئامانجگرتنی کەسێک یان چەند کەسانێک کە ئەمیش خۆی دەبینێتەوە لە هەڕەشەی ئۆنلاین و تێکست، تویتکردن(X) ، پۆستکردن، یان ناردنی نامەی خراپ، شەڕانگێزانە و توندوتیژی؛ هەروەها بڵاوکردنەوەی زانیاری کەسی وەک وێنە، یان ڤیدیۆ کە بۆ ئازاردان، لەکەدارکردن یان شەرمەزارکردنی کەسێکی تر داڕێژراون. لەم چوارچێوەیەدا، نەوەی ئەلفا (Generation Alpha) بەو منداڵانە دەگوترێت کە لەدایکبووی ساڵی (٢٠١٠)ن؛ کەسانی رەسەنی دیجیتاڵین و لەسەردەمی زیرەکی دەستکرددا لەدایکبوون و دەژین، بە واتایەکی تر هەموو مامەڵەیەکیان لە گەڵ تەکنەلۆژیادا ئەنجام دەدەن.

پرسی سەرەکی ئەم تویژینەوەیە، بریتیە لە تیشك خستنە سەر دیاردەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی و دۆزینەوەی تایبەتمەندیە دیموگرافیەکانی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو منداڵانی سەر بە نەوەی ئەلفا، لە قوتابخانە نێودەوڵەتیە-ناحکومیەکانی شاری هەولێر، هەروها ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، زانینی رێژەی قوربانیانی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی نەوەی ئەلفا لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەکانی شاری هەولێر، هەروها زانینی بڵاوترین شێوازەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو نەوەی ئەلفا. ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەکەی چەندایەتییە و بە میتۆدی وەسفی داتاکان کۆکراونەوە، داتاکان لە ریگەی پرسیارنامەی ئۆنلاینەوە کۆکراوتەنەوە، (341) قوتابی لە پۆلەکانی (حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم) لە قوتابخانە نێودەوڵەتی-ناحکومیەکانی شاری هەولێر وەکو نمونەی توێژینەوە وەرگیراون، جۆری نمونەی بەکارهاتوو بریتیە لە هێشوویی .

لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەیەکی کەم لە قوتابیانی قوتابخانە نێودەوڵەیەتی-ناحکومیەکانی شاری هەولێر دەبن بە قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، جگە لەمەش چەندین جۆری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەستنیشانکراون، کە لەوانە جیاکاری ئەلیکترۆنی و گێچەڵی ئەلیکترۆنی باوترین شێواز بوون. جگە لەوەش، پەیوەندییەکی بەرچاو لە نێوان ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، بەکارهێنانی پلاتفۆرمە تایبەتەکانی سۆشیال میدیا و ئەگەری رووبەرووبوونەوەیان بۆ هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەستنیشانکرا.

**کلیلە ووشەکان-** هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، قوربانی ئەلیکترۆنی، نەوەی ئەلفا، سۆشیال میدیا، ئینتەرنێت.

## پێشەکی:

پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا بنەمایەکە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە پەیوەندیکردن وەکو نامە، ئیمێل، تۆرە کۆمەڵایەتییەکان، یاریە ئەلیکترۆنیەکان هتد، بۆیە پەیوەندیە ئەلیکترۆنیەکان هۆکارێکی بنەڕەتین لە بەرەوپێشچوونی پەیوەندی نێوان تاکەکان. بەو پێیەی نەوەی ئەلفا لە جیهانێکی تەواو بە تەکنەلۆژیابوو لەدایك دەبێت و تەکنەلۆژیا دەبێتە بەشێکی گرنگ لە پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیبوونیان، لەبەرئەوە بەبەراورد لەگەڵ نەوەکانی دیکە، منداڵانی ئەم نەوەیە دەکەونە ژێر کاریگەری زۆرترین کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا و، ئینتەرنێت دەبێتە رەگەزێکی بنەڕەتی لە ژیانی رۆژانەی منداڵانی ئەم نەوەیە، لەبەرئەوە هەر لە سەرەتای تەمەنەوە پەیوەندی لەگەڵ سەکۆکانی ئۆنلاین، سۆشیال میدیا، ئامێرە تەکنەلۆژیەکان درووست دەکەن، لەم روانگەیەوە بە پێی ئامارەکان لە ئێستادا زیاتر لە 73% منداڵانی سەر بە نەوەی ئەلفا بەکارهێنەری ئینتەرنێتن، ئەمە جگەلەوەی کە منداڵانی تەمەن (8-12) ساڵی بە تێکرا (4) کاتژمێر و (44) خولەك لە رۆژێکدا لەسەر شاشە ئەلیکترۆنیە جیاوازەکان بەسەر دەبن. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ ئینتەرنێت کۆمەڵێك دەرفەتی زانستی، پەروەردەیی و کۆمەلایەتی بۆ منداڵان فەراهەم دەکات، وەکو دەستکەوتنی زانیاری بە ئاسانی، گەیشتن بە سەرچاوە زانستییەکان، فراوانبوونی بازنەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و دروستکردنی ژینگەیەك کە تیایدا تەکنەلۆژیا دەبێتە چالاکیەکی بنەرەتی رۆژانە. بەڵام لەهەمان کاتدا پەیوەندیە ئەلیکترۆنیەکان دنیایەکی خەیاڵی دروست کردووە، کە بنەمایەکە بۆ دەرکەوتنی رەفتاری توندوتیژی و شەرانگێزی، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە شێوەکانی توندوتیژی ئینتەرنێتی کە کاریگەری نەرێنی لەسەر

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 1(2026)؛ عدد الصفحات (9)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n1y2026.pp23-31

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 14 أيار 2025؛ قُبل في 13 تموز 2025؛ نُشرت في 6 كانون الثاني 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : ziwar.rasool@su.edu.krd, goran.hussein@su.edu.krd

حقوق الطبع والنشر ©2026 گۆران حسن حسین، زیوەر زرار رسول. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

مندالْ دروست دەکات. بە پێچەوانەی هەراسانکردنی ڕووبەڕوو، هەراسانکردنی ئینتەرنێتی هیچ بەربەستێکی جوگرافی نیە و لەهەر شوێنێك ئەگەری ئەوە هەیە مندالآن بکەونە بەر هێرشی ئەلیکترۆنی، ئەمە جگە لەوەی کە لە هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دۆزینەوەی ناسنامەی راستەقینەی بکەرەکان ئاسان نیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی دیاردەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو مندالآن. لەم روانگەوە، کاریگەریە نەرێنیەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە ئاشکرا لەسەر قوربانیان دەردەکەوێت، بە تایبەتی لە سەر تەندروستی دەروونی (بۆ نمونە: خەمۆکی، دلّتەنگی، خۆ بەکەم زانی ... )، دەسکەوتە ئەکادیمیەکان و پەیوەندیە کۆمەلآیەتییەکان.

لە ژێر رۆشنایی ئەم روونکردنەوەی سەرەوە، پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە تیشك خستنە سەر دیاردەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی و دۆزینەوەی تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکانی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو مندالآنی سەر بە نەوەی ئەلفا، لە قوتابخانە نێودەوڵەتیە-ناحکومیەکانی شاری هەولێر. لەم چوارچێوەیەدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوە دەدات:

1-زانینی ڕێژەی قوربانیانی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی نەوەی ئەلفا لە قوتابخانە نێودەوڵەتیەکانی شاری هەولێر.

2-زانینی بلآوترین فۆرمەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو نەوەی ئەلفا.

3-دەرخستنی پەیوەندی گۆراوە دیمۆگرافیەکان لەسەر فۆرم و ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی.

## قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی (Cyberbullying Victimization)

هەراسانکردن و رەفتاری توندوتیژی وەکو دیاردەیەکی دەروونی-کۆمەلآیەتی مێژوویەکی جیهانی درێژی هەیە، بەلآم لەگەلّ زیادبوونی بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ ئاستی گشتی کۆمەلگە، کاریگەریە نەرێنیەکانی زیاتر دەرکەوتوون، لەم چوارچێوەیەدا هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە شێوازێکی نوێی هەراسانکردن ئەژمار دەکرێت، ئەو شێوازە نوێیەی هەراسانکردن، رەفتارێکی شەرانگێزانەیە کە تاکەکان لە رێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا لە دژی یەکتر ئەنجامی دەدەن، مۆبایل و ئەنتەرنێت لە گرنگترین ئەو ئامرازە تەکنەلۆژیانەن کە زۆرینەی رەفتارەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی پێ ئەنجام دەدرێت بە تایبەتی سەکۆکانی سوشیال میدیا (Saif and Purbasha, 2023). هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بریتیە لە رەفتارێکی شەرانگێزی و توندوتیژی بەمەبەست، کە لەرێگەی میدیای ئەلیکترۆنی یان دیجیتالییەوە لەلایەن تاک یان گروپەکانەوە بە شێوەیەکی دووبارە دژ بەو کەسە ئەنجام دەدرێن کە توانای پێوستی نیە بۆ ئەوەی بەرگری لە خۆی بکات، ئامانج لەم رەفتارەش ئازاردن و نارەحەتکردنی کەسانی دیکەیە (Fermani et al., 2021; Hinduja and Patchin, 2008; Piccoli et al., 2020; Tsitsika et al., 2015). بە پێچەوانەی هەراسانکردنی نەریتی، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە چوارچێوەیەکی جوگرافی سنووردار ناکرێت وەکو قوتابخانە، شوێنی کار... بۆیە رەفتاری هەراسانکردن وەکو گێچەلّپێکردن، سوکایەتی پێکردن، بێ رێزی پێکردن، شەرمەزارکردن...، کەسی بکەر بە بێ هیچ بەربەستێکی شوێنی و کاتی دەرفەتی ئەوەی هەیە کە ئازاری کەسانی دیکە بدات (Seiler and Navarro, 2014). لەلایەکی دیکەوە، لە تایبەتمەندیە هەرە دیارەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بریتیە لە نەناسراوی کەسی بکەر، واتە کەسی هێرشبەر دەتوانێ ناسنامەی راستەقینەی خۆی بشارێتەوە و بە بێ سنوور و بەردەوامی بە رەفتاری شەرانگێزی بدات، بۆ نمونە بە گوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکان نزیکەی لە 50% قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، ناسنامەی کەسی هێرشبەر نازانن، ئەمە جگە لەوەی دووری مەودا و نەبوونی هیچ پەیوەندییەکی ماددی لە نێوان بکەر و قوربانی هۆکارێکی دیکەیە بۆ بەرزبوونەوەی رێژەی هەراسانکردنی ئۆنلاین (Buelga et al., 2020; Kowalski and Limber, 2007; Molero et al., 2022). کۆمەلّناسان پێیان وایە کە ناهاوسەنگی هێز لە نێوان بکەر و قوربانی, کاریگەری هەیە بۆ زالّبوونی کەسی هێرشبەر بەسەر کەسی قوربانی لە رەفتاری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش لەسەر بنەمای ناهاوسەنگی لە توانای تەکنیکی، تەکنەلۆژیای پەیوەندیی و زانیاریەکان (Molero et al., 2022; Piccoli et al., 2020).

گێچەلّپێکردن (Harassment)؛ بە یەکێك لە گرنگترین شێوەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دادەنرێت، کە ئەویش ناردنی نامەی بێزێزی، سوکایەتی پێکردن... لە خۆی دەگرێت، شێوەی دووەمی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بریتیە لە کەسایەتی ساختە (Impersonation)؛ لێرەدا کەسی بکەر هەوڵی شکاندنی هەژماری کەسانی دیکە دەدات و بەناوی ئەوانەوە لە تۆڕە کۆمەلآیەتییەکان پۆست دەکات و نامە بۆ کەسانی دیکە دەنێرێت، ئامانج لەم کردارە ناشیرنکردنی کەسێکی دیاریکراو لە نێو کۆمەلّگە (Tsitsika et al., 2015). جیاکاری ئەلیکترۆنی و پەراوێزخستنی (Exclusion) کەسێکی دیایکراو یاخود کۆمەلّە کەسێك، یەکێکی دیکەیە لە شێوەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، ئەم شێوەیە لە هەراسانکردن، رەتکردنەوەی هاورێیەتی لە تۆرە کۆمەلآیەتییەکان بە شێوەیەکی مەبەستدار لەخۆدەگرێت، لە لایەکی دیکەوە هەندێك کات کەسی بکەر هەوڵدەدات لە رێگەی بلآوکردنەوەی چەواشەکاری و پرۆپاگەندە ناوبانگ و کەسایەتی کەسێکی دیاریکراو لەکەدار بکات، ئەویش بە دروستکردنی درۆ و بوختان پاشان بلآوکردنەوەی لە تۆرە کۆمەلآیەتییەکان. هەروها بلآوکردنەوەی نهێنی بە بێ ئاگاداری و رەزامەندی کەسەکە شێوەیەکی دیکەی هەراسانکردنی ئۆنلآینە، ئەویش لە رێگەی پیشاندان، پۆستکردن یاخود ناردنی گفتوگۆ و وێنە کەسیەکان، بە تایبەتی ئەو گفتۆگۆیانەی کە هەستیارن و گونجاو نین بۆ بلآوکردنەوە (Popović-Ćitić et al., 2011; Yemima, 2023).

مندالآن و هەرزەکاران بە چەند شێوەیەکی جیاواز ئەزموونی دیاردەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەکەن، یان وەکو بکەری رەفتاری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، یان دەکرێ ببن بە قوربانی، هەندێك کات هەم بکەر و هەمیش قوربانی، یاخود تەنها بینەری رەفتاری هەراسانکردن بن، رەفتاری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی کاریگەری نەرێنی لەسەر خودی کەسی قوربانی و دەزگا کۆمەلآیەتییەکانی وەکو قوتابخانە و خێزان دروست دەکات، قوربانیانی رەفتاری هەراسانکردن هەتا ئەگەر لە سالێکدا یەك جار ئەزموونی ئەم دیاردەیە بکەن؛ تاك رووبەرووی کۆمەلێك کێشەی دەروونی و کۆمەلآیەتی وەکو نیگەرانی، خەمۆکی، کەم خەوی، خۆ بەکەمزانی، ترس، شەرم، هەستی تەنهایی، نەتوانینی کۆنترۆلکردنی هەستەکان، زیادبوونی نیشانە جەستەییەکان، دابەزینی ئاستی قوتابی، دواکەوتن لە خوێندن، دەرکردن لە قوتابخانە و تەنانەت هەندی کات رەنگە بگاتە ئاستی خۆکوشتن (Kowalski et al., 2014; Molero et al., 2023).

## نەوەی ئەلفا (Generation Alpha)

تایبەتمەندی نەوەکان (Generations) بەکۆمەلێک هۆکاری جیاوازەوە دیاری دەکرێت، ئەو تایبەتمەندیانەش پەیوەستن بەو بارودۆخە کولتووری، ئابووری، سیاسی و ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆژیانەی لەو قۆناغەدا روودەدەن. هەر نەوەیەک بەکۆمەلێک بارودۆخ تێپەریوە کە بۆتە هۆی بەشکلگرتنی کەسایەتی و دەتوانین بلێین کەسایەتیەکی دەستەجەمعی بۆ هەریەک لەنەوەکانی دروستکردووە. سەبارەت بە بەکارهێنانی چەمکی نەوەی ئەلفا (Generation Alpha) سەرەتا دەگەرێتەوە بۆ توێژەری ئوستڕالی

مارک مەکریندڵ (Mark McCrindle) ناوەکەش بەمانای تازەیی یان نەگەڕانەوە بۆ ڕابردوو یان نەگەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆن دێت. مەبەست لە چەمکی ''ئەلفا'' هەندێک سەرچاوە دەیگەڕێننەوە بۆ ئەلف و بێی یۆنان(McCrindle, 2011: 201) کە بەمانای یەکەمین پیت دێت لە ئەلف و بێکە؛ هەر لەبەر ئەوەش لەرووی هێماوە بەمانای یەکەمین یان سەرەکی دێت (Reis, 2018: 9) نەوەی ئەلفا بە یەکەمین نەوەی سەدەی بیست و یەکەم دادەنرێت، ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە لەدایکبوونیان لە ٢٠١٠ دەستپێدەکات (McCrindle, 2011: 202)، بەمانای ئەوەی نەوەی ئەلفا تاکو ئێستا قوتابی قوتابخانەکانن.

ئەم نەوەیە بەوە لە نەوەکانی پێش خۆی جیادەکرێتەوە کە کاریگەرییەکی زۆری تەکنۆلۆژیان لەسەرە، لەسەردەمێکی گۆڕانکاری گەورە و خێرای تەکنەلۆژیا لەدایکبوون، هەرلەتەمەنی بچووکیانەوە ئاشنان بە مۆبایلە زیرەکەکان، ئایپاد (تابلێت)، لاپتۆپ و کۆمەڵێک ئامێری تری تەکنەلۆژی، بۆیە بەپێچەوانەی نەوەکانی پێشوو زووتر و خێراتر فێری ئەو پڕۆگرام و بەرنامانە دەبن کەلەرێگەی ئەم ئامێرانەوە پێشکەش دەکرێن؛ هەرلەبەر ئەوە هەندێکجار پێیان دەوترێت کەسانی ڕەسەنی دیجیتاڵی (Digital Natives). مەبەست لە کەسانی ڕەسەنی دیجیتاڵی ئەوانەن کە زانیاری و لێهاتووی زۆر ئاڵۆزیان لەسەر تەکنەلۆژیا هەیە کە جیایان دەکاتەوە لەگەڵ نەوەکانی پێش خۆیان، ئەو جیاوازیانەش بەپلەی زۆر لە پەروەردە، ئەزموون و چاوەڕوانیەکانیان هەستی پێدەکرێت (Reis, 2018). لەلایەکی ترەوە ئەم نەوەیە دەستڕاگەیشتنێکی گەورەیان هەیە بۆ فێربوون لەرێگەی کولتووری بیانی و پەیوەندیەکانیان زۆرجار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییە، لەبەرئەوەی نەوەیەکی خاوەن تەیبەتمەندی زمانەوانی بەرزن، بەتایبەتی لە زمانی ئینگلیزیدا (Reis, 2018: 11).

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە (Theoretical framework)

بۆ ئەوەی بە تەواوی لە سروشتی فرەلایەنەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی تێبگەین، زۆر گرنگە لە روانگەیەکی تیۆری گشتگیرەوە لێی بڕوانین. یەکێک لەو روانگانەش تیۆری ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە (Social Ecological Theory). ئەم تیۆرە بۆیەکەمجار لەلایەن دەروونناسی رووسی-ئەمەریکی یوری برۆنفنبرێنەر (Urie Bronfenbrenner) لەساڵی ١٩٧٧ گەشەی سەند، بەتایبەتی لە توێژینەوە بەناوبانگەکەی بەناوی ***"بەرەو ئیکۆلۆژیایەکی ئەزمونگەری گەشەسەندنی مرۆڤ"*** (Bronfenbrenner, 1977). ئەم تیۆرە سودێکی زۆری هەبووە لە شیکردنەوەی شێوازە تەقلیدیەکەی هەراسانکردن کە هەندێکجار بە هەراسانکردنی رووبەروو و زارەکیش دەناسرێت (Traditional Bullying). ئەوەی ئەم تیۆرە جەختی لەسەر دەکاتەوە و گرنگی پێدەدات ئەوەیە، تاک هەمیشە لەژێر کاریگەری ئەو کارلێکە ئاڵۆزەیە کە لەنێوان خۆی و ژینگەکەی یان باشترە بڵێین چوارچێوە کۆمەڵایەتیەکەی روودەدات (Bronfenbrenner, 1977: 520). بۆیە کاتێک هەوڵی تێگەیشتن لە گەشەی منداڵ دەدەین بەتایبەتی لەژێر رۆشنایی تیۆری ئیکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ئەوا ناتوانین بەرکەوتنی منداڵان لەگەڵ تەکنۆلۆژیا پشتگوێ بخەین، لەسەر بنەمای ئەوەی بەشێکە لە ژینگەی ئۆنلاین و کاریگەرییەکەی کەمتر نیە لە بوارەکانی تری ڕۆژانە. برۆنفنبرێنەر پێی وایە تاک لە چەندین لایەنەوە کاریگەر دەبێت، ئەو لایەنانەشی پۆلێنکردووە بۆ چەندین سیستەم ئەوانیش:

*مایکرۆسیستەم* (Microsystem)، ئەم سیستەمەیان نزیکترین و کاریگەرترین سیستەمە لەسەر منداڵەکە، ئەوەی کە برۆنفنبرێنەر ئاماژە بەوە دەکات کە کاریگەری سیستەمەکە رووبەروو و راستەوخۆیە، هیچ ناوەندگیریەک نیە لەنێوان تاکەکە و لایەنی دووەم کە پێکدێت لە خێزان، گرووپی هاوتەمەن، قوتابخانە یان هەر دامەزراوە و گرووپێک کە راستەوخۆ کارلێکی لەگەڵ منداڵەکەدا هەیە Bronfenbrenner, (1977: 514). *مێزۆسیستەم (Mesosystem)*، ئەم سیستەمە بریتییە لە کارلێکی *مایکرۆسیستەم* لەگەڵ خۆی، بەواتایەکی تر کارلێکەکە راستەوخۆ لەگەڵ منداڵەکە نیە، بەڵکو مایکرۆسیستەمەکانی نێوخۆی کارلێک دەکات و بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ کاردەکاتە سەر رەفتاری منداڵەکە. بۆنمونە کارلێکی نێوان باوانی منداڵەکە و قوتابخانە دواتر کاریگەریان لەسەر رەفتاری منداڵەکە(Graf, D. et al. 2019 ). *ئێکزۆسیستەم (Exosystem)*، لەراستیدا ئەم سیستەمە زۆر نزیکە لەگەڵ سیستەمەکەی پێشوو، بەڵام جیاوازیەکەی ئەوەیە کە لێرەدا تاک بە شێوەیەکی ئەکتیڤ بەشداری کارلێکەکە ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەری لەسەر رەفتاری منداڵ زۆربەباشی جێدەهێڵێت، هەرچەندە کارلێکەکە ناراستەوخۆیە. بۆنمونە شوێنی کاری باوان بریتییە لە ئێکزۆسیستەم بۆ منداڵ، ژینگە و بارودۆخی کارکردنی دایک و باوک بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر رەفتاری منداڵەکە، ئەگەر هاتوو هەرکەسێکیان لەدایک و باوک توشی سترێس یان جۆرێک لە نارەحەتی ببنەوە لەوانەیە ئەمە کاریگەری بکاتە سەر شێوازی کات بەسەر بردنی باوان لەگەڵ منداڵەکە لە ماڵەوە، بە پێچەوانەش راستە. *ماکرۆسیستەم (Macrosystem)*، ئەم سیستەمە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمەکانی تری پێش خۆی گەورەتر و فراوانترە، کە بریتیین لە کولتوور، بەهاکان و ئایدیۆلۆژیەکان و نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان، ئەم *ماکرۆسیستەمانە* ئاراستەی هزری تاکەکان دەکەن لە تێگەیشتنیان بۆ ئەو رەفتار و دیاردەیەی رووبەرووی دەبنەوە لە ژیانی رۆژانەیان.

## ئەدەبیاتی پێشوو (Literature Review )

کاتێك پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکەین بۆمان دەردەکەوێت کە، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو نەوەی ئەلفا بە یەکێك لە کێشە جیهانیەکان دادەنرێت، هۆکاری ئەمەش بریتیە لە پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆژیا و دەرکەوتنی پلاتفۆرمی نوێی سۆشیال میدیا، هەروها بەرزبونەوەی رێژەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایلی زیرەك لە نێو منداڵان و هەرزەکاندا. لە راستیدا، بە پێی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر دەردەکەوێت کەوا، هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی یەکێکە لە گرفتە بڵاوەکانی نێو قوتابیانی قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەکان (Atkins et al., 2020; Mishna et al., 2010) . هەریەك لە توێژینەوەکانی (Chetri, D. R., & Chhetri, Pilkey, J. K. 2011 & G. R. 2022)، سەبارەت بە رێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی پۆلی (حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم) دەرکەوتووە کە منداڵان بە رێژەی لە نێوان (14%-37%) ئەزموونی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیان کردووە و لە لەلایەن هاوڕێکانیانەوە لە شێوازێکی جیاواز رووبەڕوی گێچەڵی ئەلیکترۆنی بوونەتەوە. کە ئەمەش هۆکاربووە بۆ دەرکەوتنی کۆمەڵێك نیشانەی وەکو تورەبوون، خەمۆکی، توندوتیژی و دواکەوتن لە خوێندن. لە توێژینەوەی (Rice et al., 2015) بە ناونیشانی بکەران و قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی قوتابخانە ناوەندیەکان. لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوتوو کە بە رێژەی (6.6 %) قوتابیان، قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنین و، لە هەمان کاتدا لە (5 %) قوتابیەکان ئاماژەیان بەوە داوە لەلایەن کەسانی دیکەوە هەراسانکراون، و لە (4.3 %) هەم بکەر و هەمیش قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنین، هەر بە گوێرەی ئەنجامەکانی هەمان توێژینەوە، زۆرینەی رەفتارەکانی هەراسانکردن لە رێگەی تۆرە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو فەیسبووك و نامە ناردنەوە روودەدەن، بۆیە یەکێك لە تایبەتمەندیە سەرەکیەکانی قوربانیان و بکەرانی

هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بریتیە لە زۆری بەکارهێنانی ئینتەرنێت، هەروەکو لەم توێژینەوەیە منداڵەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، کە رۆژانە زیاتر لە سێ کاتژمێر ئینتەرنێتیان بەکارهێناوە.

سەبارەت بە جیاوازی رێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە پێی جۆری رەگەز، ئەنجامی توێژینەوەکان دەریانخستووە کە رێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە پێی گۆڕاوی رەگەزی (نێر و مێ) جیاوازە، واتە رێژەی بکەری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو رەگەزی نێر بەرزترە و، لەبەرامبەردا رێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو قوتابیانی رەگەزی مێ زیاترە، لەلایەکی دیکەوە هەر بە گوێرەی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر لێکەوتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە سەر رەگەزی مێ قورسترە وەك لە رەگەزی نێر (Connell et al., 2014; Heiman and Olenik-Shemesh, 2015; Popović-Ćitić et al., 2011).

لە لایەکی دیکەوە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشووتر ئەوە دەردەخەن، کە باوترین شێوەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو منداڵانی سەر بە نەوەی ئەلفا، بریتییە لە گێچەڵکردن (Harassment)کە خۆی لە سوکایەتی پێکردن، بێڕێزی پێکردن لە رێگەی پۆستکردن، هەڕەشە لێکردن لە رێگەی نامە، بەکارهێنانی وشەی نەشیاو و ناردنی وێنە و ڤیدیۆی نەشیاو دەبینێتەوە، هەروەها شێوەیەکی دیکەی هەراسانکردن بریتییە لە چەواشەکاری (Denigration) کە لە رێگەی پۆستکردن و بڵاوکردنەوەی درۆ و بوختان هەوڵی تێکشکاندنی ناوبانگ و شکاندنی کەسێکی دیاریکراو دەدرێت، لە توێژینەوەکانی پێشووتر دەردەکەوێت کە فۆرمێکی دیکەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو هەرزەکاران بریتییە لە بڵاوکردنەوەی نامەی نهێنی و پۆستکردنی بابەتە کەسیەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەنێو ئەو شێوانەدا بڵاوکردنەوەی نامە، وێنە و بوختان زۆرترین کاریگەری نەرێنی لەسەر قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دروست دەکات (Mischel and Kitsantas, 2023; Oanh, 2021)

## میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە (Research Methodology)

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی چەندایەتی (Quantitative Research)یە، لەرێگەی میتۆدی وەسفی (Descriptive Method) داتاکان شیکراونەتەوە، سەبارەت بە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە؛ لەم توێژینەوەیەدا سەرجەم قوتابیانی قوتابخانە نێودەوڵەتی- ناحکومیەکانی شاری هەولێر لەخۆدەگرێت. بە گوێرەی ئەو داتایانەی لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر دەست توێژەران کەوتووە بۆ ساڵی خوێندنی (2023-2024)، (41) قوتابخانەی نێودەوڵەتی- ناحکومی لە شاری هەولێر هەن، کۆی گشتی ژمارەی قوتابیان لەم قوتابخانانە دەگاتە نزیکەی(2700) قوتابی. سەبارەت بە نمونەی توێژینەوەکە، توێژەران هەڵساون بە بەکارهێنانی نمونەی هێشوویی (Cluster Sampling) بۆ قوتابخانەکان کە لەرووی شوێنی جوگرافی جیاواز بوون، دوای هەڵبژاردنی هەشت قوتابخانە بەشێوەی هێشوویی، هەموو قوتابیانی پۆلی (7,8,9) لەنێو قوتابخانەکان بەبێ جیاوازی کە ژمارەیان (341) قوتابیە لەهەریەک لە قوتابخانەکانی( The International School of Choueifat – Erbil, Cambridge International School – Kurdistan, Cambridge International School - Capital City, Cambridge International School – CISQ, Zanst International School – Erbil, Rise International School Erbil, Brayaty ISHIK international School, Eastwood International School Erbil)وەرگیراون. داتاکان بە شێوەی راستەوخۆ و ئۆنلاین لە رێگەی سۆفت وێرێکی تایبەت لە رووپێوی بەناوی ( Kobo Toolbox) کۆکراونەتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش پرسیارنامەکە هەم بە دەست (Hard Copy) لە قوتابخانەکان بڵاوکراوەتەوە و هەروەها لە گروپی وەتس ئەپی قوتابخانە و ئەکاونت و پلاتفۆرمی تایبەتی قوتابخانەکە بۆ قوتابیان بڵاوکراوەتەوە. دوای کۆکردنەوە و رێکخستنی داتا بەدەست هاتووەکان لە رێگەی پرۆگرامی SPSS شیکراونەتەوە و ئەنجامگیریان بۆ کراوە.

## پێوەری قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی (Cyberbullying Victimization Scale)

لەم توێژینەوەدا، توێژەران بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە نمونەی توێژینەوەکە فۆرمی راپرسیان بەکارهێناوە، توێژەران بە مەبەستی داڕشتنی پرسیارنامەیەکی درووست بۆ پێوانەکردنی گۆڕاوە دیمۆگرافی و تایبەتیەکانی نەوەی ئەلفای قوتابخانە نێودەوڵەتی- ناحکومیەکانی شاری هەولێر، سوودیان لە سەرچاوە تیۆریەکان و توێژینەوەی پێشووتر وەرگرتووە، پێوەرێکی تایبەتیان لەسەر بنەمای ئامانجەکانی توێژینەوەکە درووست کرد، بەشی یەکەم پرسیارنامەکە تایبەت کراوە بە گۆڕاوە لاوەکیەکانی نمونەی توێژینەوەکە وەکو رەگەز، پۆل، نەتەوە، بوون یان نەبوونی مۆبایلی تایبەت بەخۆی، ئەو کەسەی لەگەڵی دەژیت، کاتژمێرەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێت لە رۆژێکدا، جۆری ئەو ئامێرەی زیاتر بەکاردەهێنیت، جۆری ئەو سوشیاڵ میدیایەی زیاتر بەکاریدەهێنێت، ئەو یاریە ئەلیکترۆنیانەی ئەنجامی دەدات، ئاستی خوێندەواری دایك، ئاستی خوێندەواری باوك، ئەو زمانانەی قسەی پێ دەکات، جۆری ئەو ئینتەرنێتەی بەکاریدەهێنێت. بەشی دووەمی پێوانەکە تایبەتکراوە بە دۆزینەوەی رێژە و شێوازەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لە نێو نەوەی ئەلفا، ئەم بەشە لە پێنج تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم بە ناونیشانی جیاکاری ئەلیکترۆنییە و لە (4) برگە پێکدێت، تەوەری دووەم بە ناونیشانی کەسایەتی ساختەیە و لە (4) برگە پێکدێت، تەوەری سێیەم بە ناونیشانی گێچەڵی ئەلیکترۆنییە و لە (4) برگە پێکدێت، تەوەری چوارەم بە ناونیشانی چەواشەکاری ئەلیکترۆنیە و لە (3) برگە پێکدێت، هەروها کۆتا تەوەریش بە ناونیشانی بڵاوکردنەوەی نهێنی بە بێ رەزامەندییە و لە (3) پرسیار پێکدێت پێش دابەشکردنی فۆرمی ئۆنلاینەکە توێژەران هەڵساون بە ئەنجامدانی راستێتی (Validity) بۆ پێوەرەکە. پێوەرەکە دراوە بە ٦ پسپۆڕی تایبەت بە زانستە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکان، لە ئەنجامدا ٤ لە بڕگەکان لابراون و تەنها ١٨ بڕگە لە شێوازە جیاوازەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی ماونەتەوە، سەبارەت بە پلەی راستێتی پێوەرەکە بریتی بووە لە (96.95)، ئەمەش ئاماژەیەکی باشی رازیبوونی پسپۆڕان دەگەیەنێت. هەروەها بۆ مەبەستی جێگیری (Reliability) پێوەرەکە، تاقیکردنەوەی ئەلفا کرۆنباخ (Cronbach’s Alpha) ئەنجام دراوە، لە ئەنجامدا رێژەی کرۆنباخ بریتی بووە لە (0.91) ئەمەش رێژەیەکی گونجاوە و رەوایەتی پێوەرەکە دەگەیەنێت و لەسەر بنەمای دانانی بەها بۆ هەریەک لەوەڵامەکان بەم شێوازە (هەرگیز=١، کەم جار=٢، هەندێکجار=٣، زۆربەی جار=٤، هەمیشە=٥). گەورەترین نمرەی بەدەستهاتوو بریتییە لە (٧٣) و بچووکترینیان بریتییە لە (١٨)، گەورەترین نمرە ئاماژەیە بۆ بەهێزی رێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، واتە هەرچەندە نمرەی بەدەستهاتوو نزیکتر بێت لە (٧٣) ئەوا ئاستی بوونی قوربانی هەراسانکردنەکە زیاتر دەبێتەوە و بەپێچەوانەش راستە.

## خستنەروو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم: خستنەڕووی تایبەتمەندیە دیمۆگرافیەکانی نموونەی توێژینەوەکە

**خشتەی (١)**
**تایبەتمەندی دیمۆگرافی نمونەی توێژینەوە**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | دووبارەبووەکان | 194 |
| | | ڕێژە | 56.9% |
| | مێ | دووبارەبووەکان | 147 |
| | | ڕێژە | 43.1% |
| خاوەنداریەتی مۆبایل | بەڵێ | دووبارەبووەکان | 266 |
| | | ڕێژە | 78.0% |
| | نەخێر | دووبارەبووەکان | 75 |
| | | ڕێژە | 22.0% |
| ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت | کەمتر لە کاتژمێرێك | دووبارەبووەکان | 37 |
| | | ڕێژە | 10.9% |
| | 1-2 کاتژمێر | دووبارەبووەکان | 66 |
| | | ڕێژە | 19.4% |
| | 3-4 کاتژمێر | دووبارەبووەکان | 128 |
| | | ڕێژە | 37.5% |
| | 5 و کاتژمێر زیاتر | دووبارەبووەکان | 110 |
| | | ڕێژە | 32.3% |
| بەکارهێنانی جۆری ئینتەرنێت | ئینتەرنێتی تایبەت بە خۆم | دووبارەبووەکان | 34 |
| | | ڕێژە | 10.0% |
| | ئینتەرنێتی ماڵەوە | دووبارەبووەکان | 302 |
| | | ڕێژە | 88.6% |
| | ئینتەرنێت بەکارناهێنم | دووبارەبووەکان | 3 |
| | | ڕێژە | 0.9% |
| | ئینتەرێتی هاوڕێکانم | دووبارەبووەکان | 2 |
| | | ڕێژە | 0.6% |
| بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا | فەیسبووك | دووبارەبووەکان | 6 |
| | | ڕێژە | 1.8% |
| | ئینستگرام | دووبارەبووەکان | 60 |
| | | ڕێژە | 17.6% |
| | تیک تۆک | دووبارەبووەکان | 128 |
| | | ڕێژە | 37.5% |
| | سناپچات | دووبارەبووەکان | 70 |
| | | ڕێژە | 20.8% |
| بەکارهێنانی جۆری ئینتەرنێت جۆری یاری ئەلیکترۆنی | دیسکۆرد | دووبارەبووەکان | 71 |
| | | ڕێژە | 20.8% |
| | ئەوانی تر | دووبارەبووەکان | 6 |
| | | ڕێژە | 1.8% |
| | PUBG | دووبارەبووەکان | 58 |
| | | ڕێژە | 17.0% |
| | Minecraft | دووبارەبووەکان | 87 |
| | | ڕێژە | 25.5% |
| بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا جۆری ئامێری ئەلیکترۆنی | Call of Duty | دووبارەبووەکان | 91 |
| | | ڕێژە | 26.7% |
| | Roblox | دووبارەبووەکان | 142 |
| | | ڕێژە | 41.6% |
| | Fortnite | دووبارەبووەکان | 93 |
| | | ڕێژە | 27.3% |
| | مۆبایل | دووبارەبووەکان | 241 |
| | | ڕێژە | 70.7% |
| | ئایپاد (تابلێت) | دووبارەبووەکان | 120 |
| | | ڕێژە | 35.2% |
| | لاپتۆپ | دووبارەبووەکان | 68 |
| | | ڕێژە | 19.9 |
| جۆری یاری ئەلیکترۆنی زمان | PC | دووبارەبووەکان | 32 |
| | | ڕێژە | 9.4% |
| | کوردی | دووبارەبووەکان | 297 |
| | | ڕێژە | 87.1% |
| | ئینگلیزی | دووبارەبووەکان | 335 |
| | | ڕێژە | 98.2% |
| | عەرەبی | دووبارەبووەکان | 146 |
| | | ڕێژە | 42.8% |
| | تورکی | دووبارەبووەکان | 41 |
| | | ڕێژە | 12.0% |

لەخشتەی (١) ئەوە بەدەردەکەوێت کە، ڕەگەزی نێر نوێنەرایەتی گروپی گەورەی ئەم توێژینەوەیە دەکەن بە بەراورد بە ڕەگەزی مێ، کە ڕێژەکەیان لەنێوان (56.9%) و (43.1%) دایە. سەبارەت بە خاوەنداریێتی ئامێری مۆبایل، زۆرینەی نەوەی ئەلفا کە (78.0%) خاوەنی مۆبایلی خۆیانن، ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەستڕاگەیشتین بە تەکنەلۆژیای مۆبایل لەنێوان ئەم نەوەیە، لەبەرامبەردا (22.0%) خاوەنی مۆبایلی خۆیان نین، بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئامێری تر بەکارناهێنن بۆ پەیوەندیکردن، لەراستیدا بەشێکیان مۆبایلی کەسانی نزیکی خۆیان وەک دایک و باوک یان ئامێری تری وەک (ئایپاد و لاپتۆپ و PC) بەکاردەهێنن. بەهەمان شێوە بەشداریەکی بەرچاویان هەیە لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا، کەزیاتر لە (37.5%) ڕۆژانە لانیکەم 3-4 کاتژمێر زیاتر ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، هەروها (32.3%) زیاتر لە 5 کاتژمێر لەرۆژێکدا بەشێوەی ئۆنلاین بەسەر دەبەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئاستێکی بەرزی بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لەنێوان ئەم نەوەیەدا، جۆری ئەو ئینتەرنێتەی بەکاری دەهێنن لە (88.6%) ئینتەرنێتی ماڵەوەیە بەپلەی یەکەم، واتە زۆربەیان لەسەرچاوەیەکی جێگیر و بەردەوامەوە دەستیان بە ئینتەرنێت دەگات، تەنها لە (10.0%) ئینتەرنێتی تایبەت بە خۆی بەکاردەهێنێت، هەروەها تەنها 3 لە بەشداربووان کە دەکاتە (0.9%) ئاماژەیان بەوە داوە کە هیچ ئینتەرنێت بەکارناهێنن. لەنێو ئامێرە ئەلیکترۆنیەکان مۆبایل زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنانی هەیە لەلایەن ئەم نەوەیەوە کە ڕێژەکەی دەگاتە(70.7%)، دوای مۆبایل تابلێت و ئایپاد کەرێژەکەیان (35.2%)ە و ئامێرەکانی تری وەک لاپتۆپ و PC کەمتر باون، ئەمەش ئاماژەیە بۆ پەسندکردنی ئامێری مۆبایل وتابلێتەکان بەرامبەر بە کۆمپیوتەری تەقلیدی، دەکرێت بڵێین زۆرترین پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا کە لەنێو ئەو نەوەیە بەکاردەهێنرێت بریتییە لە پلاتفۆرمی تیک تۆک (TikTok) بەرێژەی (37.5%)، لەدوای ئەویش سناپچات کە بەرێژەی (20.8%) و ئینستگرام بەرێژەی (17.6%) دێت. فەیسبووک و دیسکۆرد کەمتر بەناوبانگن لەنێو نەوەی ئەلفا. هەر لەسەر بنەمای ئەو خشتەیەی سەرەوە نەوەی ئەلفا کاتێکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ یاری ئەلیکترۆنی بەتایبەتی یاری رۆبلۆکس (Roblox) کە ڕێژەیەکی هەرە بەرزی هەیە لەنێو ئەو نەوەیە دەگاتە (41.6%)، دوای ئەویش یاری Fortnite دێت بە ڕێژەی

(27.3%) و یاری (Call of Duty) بەرێژەی (26.7%) هەریەک لە PUBG و Minecraft کەمتر گرنگن و کەمتر بەکاردەهێنرێن لەنێو نەوەی ئەلفا. ئەم نەوەیە شارەزاییەکی باشیان لە زمانی ئینگلیزی هەیە، بەشداربوانی ئەم توێژینەوەیە بەرێژەی (98.2%) زمانی ئینگلیزی دەزانن (هەرچەندە ئەمە پەیوەندی بە تایبەتمەندی نمونەی ئەم توێژینەوەیە هەیە کە هەموو ئەندامان قوتابی قوتابخانە نێودەوڵەتیەکانن و خوێندنیش لەم قوتابخانانە بەزمانی ئینگلیزیە)، زمانی کوردی بەرێژەی (87.1%) و زمانی عەرەبی (42.8%) و تورکی (12.0%) دەزانن. بەگشتی ئەم نەوەیە بەشدارییەکی بەرفراوان لەگەڵ تەکنەلۆژیای مۆبایل و ئینتەرنێت، بەکارهێنانێکی بەرزی سۆشیال میدیا پیشان دەدەن؛ لایەنگیرییەکی بەهێزی ئامێرە دیجیتاڵیەکان و یارییە ئۆنلاینەکانن و ئەم هۆکارانە لەگەڵ توانای زمانیان تێکەڵاو دەکەن.

**دووەم: خستەروو و تاوتوێکردنی ئەنجامەکانی تایبەت بە قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی**

**خشتەی (٢)**

**ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو نەوەی ئەلفا**


| جۆری گۆڕاو | ق (N) | بچووکترین | گەورەترین | ناوەند (Mean) | لادانی پێوەری (Std. Deviation) |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | 341 | 18.00 | 73.00 | 27.985 | 10.621 |

تێکڕای نمرە بۆ ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بریتییە 27.985 لەنێوان منداڵانی نەوەی ئەلفا بەتایبەتی لەنێو قوتابخانە نێودەوڵەتیەکانی شاری هەولێر، کە لەنێوان گەورەترین نمرەی بەدەستهاتوو (٧٣) و بچووکترینیان (١٨) و ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی. دەتوانین بڵێین تێکڕاکە لە ئاستێکی نزمدایە، ئەم ئەنجامەش نزیکە لە ئەنجامی توێژینەوەی(Rice et al., 2015) کە ئاماژە بەوە دەکات کە ڕێژەی (6.6%) قوتابیانی سەر بە نەوەی ئەلفا قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنین، بەڵام پێچەوانەی ئەنجامەکانی هەریەك لە توێژینەوەکانی ( Pilkey, J. K. 2011 & Chetri, D. R., & Chhetri, G. R. 2022) یە، کە ڕێژەی -14 (37%) قوتابیانی پۆلی (حەفتەم، هەشتەم و نۆیەم) ئەزموونی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیان کردووە. لەم ئەنجامانەی دەردەکەوێت کە، بەرزی یاخود نزمی ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی پەیوەندی بە کۆمەڵێك فاکتەری دیکەی وەکو ڕێژەی خاوەنداریەتی مۆبایل و ئاستەکانی بەکارهێنانی ئینتەرنێتی تایبەتەوە هەیە.

**خشتەی (٣)**

**بەراوردکردنی ڕێژەی قوربانیانی ئەلیکترۆنی بە گۆڕاوی ڕەگەز**

| | تاقیکردنەوە | ئاماژە ئاماری (Sig.) |
|---|---|---|
| بەراوردی نێوان ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە گۆڕاوی ڕەگەز | Independent-Samples Mann-Whitney U Test | 0.281 |




دوای ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی (Independent Samples Mann-Whitney U Test) دەرکەوت کە جیاوازیەکی ئاماری ئاماژەدار لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەز نییە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان بۆ هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە بەڵگەی ئەوەی بەهای P گەورەترە لە 0.05. (P>0.05). هۆکاری سەرەکی ئەمەش بریتییە لەوەی کە هەردوو ڕەگەز بە هەمان ئاست مۆبایل و ئینتەرنێت بەکاردەهێنن. ئەم ئەنجامەش پێچەوانەی ئەنجامی هەر یەك لە توێژینەوەکانی (Connell et al., 2014; Heiman and Olenik-Shemesh, 2015; Popović-Ćitić et al., 2011)یە، کە ڕێژەی قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی بە پێی ڕەگەز جیاوازە و، قوتابیانی ڕەگەزی مێ بەراورد بە قوتابیانی ڕەگەزی نێر زیاتر ئەزموونی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەکەن.

**خشتەی (٤)**

**پەیوەندی هەریەک لەم تایبەتمەندیە دیمۆگرافیانە بە گۆڕاوی قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەردەخات**

| جۆری تاقیکردنەوە | گۆڕاو | | |
|---|---|---|---|
| | قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | ڕێژەی پەیوەندی | 1.000 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | . |
| | | ق (N) | 341 |
| Spearman's rho | خاوەنداریەتی مۆبایل | ڕێژەی پەیوەندی | 0.14 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | 0.02 |
| | ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت | ڕێژەی پەیوەندی | 0.17 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | 0.002 |
| | بەکارهێنانی جۆری ئینتەرنێت | ڕێژەی پەیوەندی | -0.13 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | 0.01 |
| | زمان | ڕێژەی پەیوەندی | 0.002 |
| | | ئاماژە ئاماری (Sig.) | . |


لەم خشتەیە سەبارەت بە گۆڕاوی خاوەنداریەتی مۆبایل ئاماژەیەکی ئاماری بۆ پەیوەندییەکی ئەرێنی، بەڵام لاواز لە نێوان قوربانیانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو نەوەی ئەلفا هەیە. ڕێژەی پەیوەندی 0.14 پەیوەندییەکی کەمی ئەرێنی پێشنیار دەکات؛ واتە لەگەڵ زیادبوونی خاوەنداریەتی مۆبایل بەهای گۆڕاوی قوربانی ئەلیکترۆنیش زیاد دەکات بۆ هەمان گۆڕاو بەهای p = 0.02 کەواتە بەهای p کەمترە لە 0.05، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە پەیوەندییەکە لە ڕووی ئامارییەوە بوونی هەیە. ڕێژەی پەیوەندی 0.17 لەگەڵ بەهای p 0.002 ئاماژە بەوە دەکات کە پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لەنێوان ئەو کاتەی کە نەوەی ئەلفا لە ئینتەرنێت بەسەر دەبات لە ڕۆژێکدا و گۆڕاوی قوربانی ئەلیکترۆنی؛ هەرچەندە پەیوەندیەکە لاوازە، بەڵام لە ڕووی ئامارییەوە

بەڵگەدارە. سەبارەت بە جۆری ئەو ئینتەرنێتەی کە ئەم نەوەیە بەکاری دەهێنن هەروەک لە خشتەی یەکەم روونکراوەتەوە زۆربەی هەرە زۆری ئینتەرنێتی ماڵەوەیە، بەڵام لەگەڵئەوەشدا پەیوەندیەکی نێگەتیڤی لاواز لەنێوان جۆری ئەو ئینتەرنێتە و ئاستی قوربانی ئەلیکترۆنی بوونی هەیە کە بریتییە لە (-0.13) هەروەها بە بەهای 0.01 کە گرنگی پەیوەندیەکە رووندەکاتەوە. دوا گۆڕاو کە گۆڕاوی زمانە, بەهەمان شێوە پەیوەندیەکی لاواز هەیە، کە لە رووی ئامارییەوە بە بەڵگەدار هەژمار ناکرێت لەنێوان ئەو زمانانەی نەوەی ئەلفا قسەی پێ دەکەن لەگەڵ بوون بە قوربانی ئەلیکترۆنی، لەراستیدا هۆکاری ئەم لاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە نزیکەی (98%) قوتابیانی نەوەی ئەلفا بەهەمان زمان کە زمانی ئینگلیزیە قسە دەکەن، بۆیە جیاوازیەکی بەرچاو و ئاماژەدار نەدۆزراوەتەوە.

**خشتەی (٥)**

**بەراوردکردنی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەگەڵ گۆڕاوی قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەردەخات**

| بەراوردی نێوان گۆڕاوی بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەگەڵ قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | تاقیکردنەوە | ئاماژە ئاماری (Sig.) |
|---|---|---|
| | Independent-Samples Kruskal-Wallis Test | 0.010 |




ئەوەی لەخشتەی (٥) دەردەکەوێت بریتییە لە جیاوازی لە بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا لەگەڵ ئەو رێژە هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیەی لەنێو نەوەی ئەلفا بوونی هەیە، جێی ئاماژەیە، زۆرترین ئەو جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی پلاتفۆرمی تیک تۆک، وەک ئەوەی دەردەکەوێت لەم گرافیکەی سەرەوە رێژەی بەکارهێنانی تیک تۆک بە بەبەراورد لەگەڵ پلاتفۆرمەکانی تر زیاترە، هەروەها بەڵگەیەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە کە لەرێگەی تاقیکردنەوەی Independent-Samples Kruskal-Wallis Test دەرکەوتووە، ئەویش بریتییە لەوەی بەهای P خشتەیی بچووکترە لە 0.05 (P<0.05) ئەمەش ئاماژەیە بۆ جیاوازیەکی ئاماری بەڵگەدار لە بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا کە تیک تۆک زۆرترینیانە و کاریگەری کردۆتە سەر رێژەی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لای نەوەی ئەلفا.

**خشتەی (٦)**

**بەرزترین جۆری قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەردەخات**

| جۆری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی | ق (N) | بچووکترین | گەورەترین | ناوەند (Mean) | لادانی پێوەری (Std. Deviation) |
|---|---|---|---|---|---|
| جیاکاری ئەلیکترۆنی | 341 | 4.00 | 18.00 | 6.8822 | 2.70039 |
| کەسایەتی ساختە | 341 | 3.00 | 15.00 | 4.2727 | 2.11551 |
| گێچەڵی ئەلیکترۆنی | 341 | 5.00 | 25.00 | 8.1642 | 3.97966 |
| چەواشەکاری ئەلیکترۆنی | 341 | 3.00 | 15.00 | 4.1760 | 2.07325 |
| بڵاوکردنەوەی نهێنی | 341 | 3.00 | 15.00 | 4.4897 | 2.50130 |

دوای ئەوەی ناوەندی ژمێری بۆ هەریەک لە جۆرە جیاوازەکانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەرهێنرا، بۆمان دەردەکەوێت کە بەرزترین رێژەی هەراسانکردن بریتییە لە گێچەڵی ئەلیکترۆنی (Cyber Harassment) ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی ناوەندی ژمێریاری لەکاتی بەراوردکردندا پێکدێت لە (8.1642) ئەمە بەرزترین تێکڕای نمرەیە لە نێوان جۆرەکانی قوربانیکردنی ئەلیکترۆنی، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە گێچەڵی ئەلیکترۆنی زۆرترین جار لەلایەن بەشداربووانەوە راپۆرت دەکرێت. ئەم جۆرە لە هەراسانکردنە پێکدێت لە ترساندن و هەڕەشەکردن لەرێگەی ئۆنلاین یاخود سوکایەتی پێکردن و هەرەشەی بڵاوکردنەوەی ڤیدیۆ و وێنەی تایبەتی کەسەکە. بەڵام لەگەڵئەوەشدا رادەی رووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە هەراسانکردنە جیاوازە لەنێوان بەشداربووانەوە، ئەمەش بە بەڵگەی ئەوەی لادانی پێوەری ئەم جۆرە بەرزترە بە بەراورد بە جۆرەکانی تر، کە بەمانای ئەوە دێت رەنگە هەندێک کەس رووبەڕووی هەراسانکردنی توند بنەوە، لە کاتێکدا هەندێکی تر بە رادەیەکی کەمتر تووشی هەراسانکردن دەبن. ئەم ئەنجامە یەکسانە بە ئەنجامی توێژینەوەکانی (Mischel and Kitsantas, 2023; Oanh, 2021)، کە تیایدا گێچەڵپێکردن وەکو باوترین شێوەی رەفتاری هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی دەرکەوتووە کە مندالان ئەزموونی دەکەن. بەپێی ریزبەندی دوای ئەو جۆرە هەراسانکردنە، جیاکاری ئەلیکترۆنی (Cyber Exclusion) جۆرێکی تری هەراسانکردنە کە ناوەندەکەی بریتییە لە (6.8822) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە تاکەکانی توێژینەوەکە ئاستێکی مامناوەندی جیاکاری ئەلیکترۆنیان ئەزموون کردووە، ئەم جۆرەیان پێکدێت لە دوورخستنەوەی تاکەکە بە ئەنقەست یان وەدەرنانی لە شوێنی گشتی و گروپ چاتی پۆلەکانیان، کە کاریگەری لەسەر بەشداری کۆمەڵایەتی کەسەکە دەبێت. هەرچەندە لادانی پێوەری بۆ ئەم جۆرە لەئاستێکی نزم دایە، واتە زۆربەی منداڵان بەرادەیەکی هاوشێوە تووشی جیاکاری ئەلیکترۆنی بوونەتەوە. هەریەک لە جۆرەکانی تری هەراسانکردن بەرێژەی نزم کاریگەریان هەیە، کەسایەتی ساختە (Impersonation)، چەواشەکاری ئەلیکترۆنی (Cyber Denigration) و بڵاوکردنەوەی نهێنی (Cyber Outing) بەئاستێکی زۆر نزم بوونیان هەیە بە بەراورد بە جۆرەکانی تری.

## دەرئەنجامەکانی توێژینەوە (Conclusion)

دوای شیکردنەوەی داتا بەدەستهاتووەکان و لەسەر بنەمای ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەو دەرئەنجامانەی ئەو توێژینەوەیە پێیگەیشتووە بریتیین لە:

1. قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی لەنێو منداڵانی نەوەی ئەلفا لە قوتابخانە نێودەوڵەتییەکان بە ئاستێکی کەم بوونی هەیە؛ لە کاتێکدا ئاستی قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنیەکە، بەتایبەتی ئەوانەی ڕاپۆرتکراون لە ڕادەبەدەر بەرز نییە.
2. هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ نییە سەبارەت بە بەرکەوتنیان بە بوون بە قوربانی ئەلیکترۆنی. ئەم دەرەنجامە ئەوە دەسەلمێنێت کە تێکڕای نمرەکانی بوون بە قوربانی ئەلیکترۆنی بۆ هەردوو ڕەگەز زۆر لەیەک دەچن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سەرەڕای ئەوەی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە نەوەی ئەلفا بە شێوەیەکی بەرفراوان ئینتەرنێت بەکاردەهێنن، بەڵام بەرکەوتنیان بە هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی کاریگەری ڕەگەزی لەسەر نییە.
3. جیاوازیەکی ئامارژە ئاماری بەڵگەدار بوونی هەیە لەنێوان بەکارهێنانی جۆری پلاتفۆڕمی سۆشیال میدیا لەگەڵ بوون بە قوربانی هەراسانکردنی ئەلیکترۆنی، جیاوازیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پلاتفۆڕمی تیک تۆک لەنێو سۆشیال میدیادا.
4. پەیوەندیەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە بۆ هەریەک لە گۆڕاوەکانی خاوەنداریەتی مۆبایل، ئاستی بەکارهێنانی ئینتەرنێت جۆری ئەو ئینتەرنێتەی لەلایەن نەوەی ئەلفا بەکاردێت لەگەڵ ئاستی قوربانی ئەلیکترۆنی.
5. بەرزترین ڕێژەی جۆری قوربانی ئەلیکترۆنی کە نەوەی ئەلفا ڕووبەڕووی دەبێتەوە بریتییە لە "گێچەڵی ئەلیکترۆنی" و "جیاکاری ئەلیکترۆنی".

## پێشنیارەکانی توێژینەوە

1. بەرزکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری: پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی ڕاوێژکاری دەستڕاگەیشتن لەناو قوتابخانەکاندا بۆ پشتگیریکردنی ئەو قوتابیانەی کە قوربانیی هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنین. دڵنیابوون لەوەی کە ئەم خزمەتگوزاریانە نهێنین و بە ئاسانی بۆ هەردوو قوتابیان و دایک و باوک بەردەستن.
2. سیستەمی چاودێری و ڕاپۆرتکردنی بەردەوام: دامەزراندنی سیستەمێک بۆ چاودێریکردنی ڕەفتاری ئۆنلاین و ڕاپۆرتکردنی ڕووداوەکانی هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی. پێویستە قوتابخانەکان پرۆتۆکۆڵی ڕوون بۆ چارەسەرکردنی ڕاپۆرتەکانی هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی دروست بکەن و دڵنیابن لەوەی کە ئەم پرۆتۆکۆڵانە دەگەیەنرێنە قوتابیان و دایک و باوکان.
3. پشتگیری وەزارەت و دامەزراوە پەیوەندیدارەکان لە توێژینەوە و کۆکردنەوەی داتا: پشتگیری لە توێژینەوەی بەردەوام بکرێت، هەروەها پشتگیری بۆ مەبەستی ئاسانکاری لە شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر ڕووداوەکان و کەیسەکانی تایبەت بە هێرشکردنە سەر ئەلیکترۆنی بکرێت.

## سەرچاوەکان


Atkins, G., Dempster, S., Dota, K., Walker, E., Martin, D., Martin, M., 2020. Prevalence of Bullying and Cyberbullying Among Urban Middle School Students. EJES 07. https://doi.org/10.19044/ejes.v7no2a6

Bronfenbrenner, U., 1977. Toward an experimental ecology of human development. American Psychologist, 32(7), p.513.

Buelga, S., Postigo, J., Martínez-Ferrer, B., Cava, M.-J., Ortega-Barón, J., 2020. Cyberbullying among Adolescents: Psychometric Properties of the CYB-AGS Cyber-Aggressor Scale. IJERPH 17, 3090. https://doi.org/10.3390/ijerph17093090

Chetri, D. R., & Chhetri, G. R. 2022. Cyberbullying Status of Students of Phuentsholing Middle Secondary School, Bhutan. International Journal of Social Sciences & Educational Studies, 9(4), 183.

Connell, N.M., Schell-Busey, N.M., Pearce, A.N., Negro, P., 2014. Badgrlz? Exploring Sex Differences in Cyberbullying Behaviors. Youth Violence and Juvenile Justice 12, 209–228. https://doi.org/10.1177/1541204013503889

DemandSage 2023 Generation Alpha: Stats, Facts, and Trends for 2024. Available at: https://www.demandsage.com/generation-alpha-stats/ (Accessed: 21 August 2024).

Dos Reis, T.A., 2018. Study on the alpha generation and the reflections of its behavior in the organizational environment. Journal of Research in humanities and Social Science, 6(1), pp.9-19.

Fermani, A., Crespi, I., Hellst, L., Hendry, B., 2021. Extending the Current Theorization on Cyberbullying: Importance of Including Socio-Psychological Perspectives. Italian Journal of Sociology of Education 13, 85–110. https://doi.org/10.14658/pupj-ijse-2021-3-5

Heiman, T., Olenik-Shemesh, D., 2015. Cyberbullying Experience and Gender Differences Among Adolescents in Different Educational Settings. J Learn Disabil 48, 146–155. https://doi.org/10.1177/0022219413492855

Hinduja, S., Patchin, J.W., 2008. Cyberbullying: An Exploratory Analysis of Factors Related to Offending and Victimization. Deviant Behavior 29, 129–156. https://doi.org/10.1080/01639620701457816

Kowalski, R.M., Giumetti, G.W., Schroeder, A.N., Lattanner, M.R., 2014. Bullying in the digital age: A critical review and meta-analysis of cyberbullying research among youth. Psychological Bulletin 140, 1073–1137. https://doi.org/10.1037/a0035618

Kowalski, R.M., Limber, S.P., 2007. Electronic Bullying Among Middle School Students. Journal of Adolescent Health 41, S22–S30. https://doi.org/10.1016/j.jadohealth.2007.08.017

McCrindle, M. and Wolfinger, E., 2009. The ABC of XYZ: Understanding the global generations. The ABC of XYZ.

of children's online-offline social lives. Cyberpsychology 8. https://doi.org/10.5817/CP2014-4-6

Tsitsika, A., Janikian, M., Wójcik, S., Makaruk, K., Tzavela, E., Tzavara, C., Greydanus, D., Merrick, J., Richardson, C., 2015. Cyberbullying victimization prevalence and associations with internalizing and externalizing problems among adolescents in six European countries. Computers in Human Behavior 51, 1–7. https://doi.org/10.1016/j.chb.2015.04.048

Yemima, C.K., 2023. The Forms of Cyberbullying Behavior among Teenage Students: A Systematic Literature Review. JBKT 7, 151. https://doi.org/10.30598/jbkt.v7i2.1745

Mischel, J., Kitsantas, A., 2023. What Constitutes Cyberbullying: Perspectives from Middle School Students. JEDP 13, 53. https://doi.org/10.5539/jedp.v13n1p53

Mishna, F., Cook, C., Gadalla, T., Daciuk, J., Solomon, S., 2010. Cyberbullying behaviors among middle and high school students. American Journal of Orthopsychiatry 80, 362–374. https://doi.org/10.1111/j.1939-0025.2010.01040.x

Molero, M.M., Martos, Á., Barragán, A.B., Pérez-Fuentes, M.C., Gázquez, J.J., 2022. Anxiety and Depression from Cybervictimization in Adolescents: A Metaanalysis and Meta-regression Study. The European Journal of Psychology Applied to Legal Context 14, 42–50. https://doi.org/10.5093/ejpalc2022a5

Molero, M.M., Pérez-Fuentes, M.C., Martos, Á., Pino, R.M., Gázquez, J.J., 2023. Network Analysis of Emotional Symptoms and their Relationship with Different Types of Cybervictimization. The European Journal of Psychology Applied to Legal Context 15, 23–32. https://doi.org/10.5093/ejpalc2023a3

Oanh, T.P., 2021. The Prevalence of Cyberbullying among Adolescents: A Case Study of Middle Schools in Vietnam. CT 4, p1. https://doi.org/10.22158/ct.v4n3p1

Piccoli, V., Carnaghi, A., Grassi, M., Stragà, M., Bianchi, M., 2020. Cyberbullying through the lens of social influence: Predicting cyberbullying perpetration from perceived peer norms, cyberspace regulations, and ingroup processes. Computers in Human Behavior 102, 260–273. https://doi.org/10.1016/j.chb.2019.09.001

Pilkey, J. K. 2011. The nature and impact of cyberbullying on the middle school student. Walden University

Popović-Ćitić, B., Djurić, S., Cvetković, V., 2011. The prevalence of cyberbullying among adolescents: A case study of middle schools in Serbia. School Psychology International 32, 412–424. https://doi.org/10.1177/0143034311401700

Popović-Ćitić, B., Djurić, S., Cvetković, V., 2011. The prevalence of cyberbullying among adolescents: A case study of middle schools in Serbia. School Psychology International 32, 412–424. https://doi.org/10.1177/0143034311401700

Rice, E., Petering, R., Rhoades, H., Winetrobe, H., Goldbach, J., Plant, A., Montoya, J., Kordic, T., 2015. Cyberbullying Perpetration and Victimization Among Middle-School Students. Am J Public Health 105, e66–e72. https://doi.org/10.2105/AJPH.2014.302393

Saif, A.N.M., Purbasha, A.E., 2023. Cyberbullying among youth in developing countries: A qualitative systematic review with bibliometric analysis. Children and Youth Services Review 146, 106831. https://doi.org/10.1016/j.childyouth.2023.106831

Seiler, S.J., Navarro, J.N., 2014. Bullying on the pixel playground: Investigating risk factors of cyberbullying at the intersection